# بۆ کشانەوەی ئەمریکا، عێراقیەکان ئیمزا کۆدەکەنەوە

ڕۆژی گەل



ڕۆژی هەینی رابردوو پێگەی میدل ئیست ئۆنلاین لەزاری بەها ئەلئەعرەجی ئەندامی پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کردووە کە ژمارەیەک ئەندام پەرلەمانی عێراق بەمەبەستی دانانی خشتەیەک بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوەیان دەست پێکردووە.

ئەعرەجی ئاشکرای کردووە کە ١٤٤ ئەندام لە کۆی ٢٧٥ ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق ئیمزایان لەسەر ئەو هەڵمەتە کردووەو خوازیارن کە حکومەتی ئەمریکا خشتەی کێشانەوەی هێزەکانی خۆی لە عێراق بکێشێتەوە. بە گوێرەی قسەکانی ئەلئەعرەجی لسیتی واژۆکان پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق، مەحمود ئەلمەشهەدانی کراوەو ئەویش بڕیاری داوە کە کۆمیەتیەکی تایبەت بۆ بەدواداچوونی داوای ئەو ئەندامانەی پەرلەمان پێکبهێنێ.

بەگوێرەی هەواڵەکان بەمبەستی ئاگاداربوون لە ئامادەکاری هێزەکانی عێراق بۆ وەرگرتنی پەروەندەکانی ئاسایشی وڵات داوا لە وەزارەتی ناوەخۆ و وەزارەت بەرگری کراوە کە راو سەرنجی خۆیان سەبارەت بەو مەسەلەیە دیار بکەن.

سەرچاوەکان ئاشکریان کردووە کە ژمارەیەک کوردی ئەندام پەرلەمانی عێراق پشتیوانی خۆیان لەو کەمپینە کردووەو پێیان باشە هێزەکانی ئەمریکا بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو لە عێراق پاشەکشە بکەن.

لەوەتەی هێزەکانی ئەمریکا عێراقیان داگیر کردووە ئەمە یەکەمین جارە کە ژمارەیەک پەرلەمانتار یان کەسایەتی ناسراو بە فەرمی داوای دیاریکردنی خشتەی کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکەن، چونکە هەمیشە بەرپرسە باڵاکانی عێراق جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە ئەگەر هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی لە عێراق بکشێنەوە ئیدی رەوشی ئاسایشی عێراق بەیەکجاری تێکدەچێ و شەڕی نێوەخۆ هەڵدەگیرسێ و عێراق هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام زۆرێک لە چاودێران بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بە چاوگەی گرژ و ئاڵۆزیەکانی ناو عێراق لێکدەدەنەوەو دەڵێن" ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا بکشێنەوە ئیدی عێراقیەکان چەک فڕێ دەدەن و بەرەو ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەئیان تێدەکۆشن !

ئەوەی ئاشکرایە کە داخوازی ئەو پەرلەمانتارانەی عێراق هاوکاتە لەگەڵ داخوازی پارتی دیموکراتیخوازی ئەمریکا کە لێبڕاوانە پێداگری لەسەر دیاریکردنی خشتەیەک بۆ کێشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق دەکەن .

چاودێرانی نیوەخۆ و جیهانیش لەو باوەرەدان سەرکۆماری عێراق و سەرۆکوەزیران و ئەندامانی کابینەی حکومەتی مالیکی و ژمارەیەک لە سەرۆ پارتەکانی عێراق دەخوازن کە جارێ هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بمێننەوە، تەنانەت هەندێک لەوان کشانەوەی هێزەکانی فرەڕەگەز لەم کاتەدا بە کارەسات دادەنێن و پشتیوانی لە مانەوە دەکەن و دەست و دامێنێ بووش و ئەمریکا دەبن.

چاودێران پێیانوایە کە سەرکردەکانی عێراق لەم کاتەدا دەخوازن ئەمریکا مەشق بە هێزەکانی عێراقی بکات و بۆ پاراستنی وڵات ئامادەیان بکات، چونکە هەم سەرکردەکانی عێراقی هەمیش جۆرج بووش و یاوەرانی بانگەشەی ئەوە دەکەن ، ئەگەر هێزەکانی فرەڕەگەز بکشێنەوە عێراق یان دەبێتە پێگەی تیرۆری جیهانی یان دەوڵەتانی دراوسی لەشکرکێشی دەکەن و ئەو وڵاتە داگیر دەکەن.

وێڕای هەموو ئەو لێکدانەوانەش هەندێک پێیانوایە ئەگەر پەرلەمانی عێراق بڕیار لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش بدات هێشتا جۆرج بووش پێداگری لەسەر مانەوە دەکات و مافی ڤیتۆ بەکار دەهێنێ، چونکە چارەنووسی خۆی و پارتەکەی لە مانەوە و سەرکەوتنیان لە عێراق و ئەفگانستان دەبینێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە چاودێران پێانوایە کە سەردانی دیک چینی جێگری سەرکۆماری ئەمریکا بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین بۆ راگۆڕینەوە لەسەر مانەوە یان کشانەوەی هێزەکانیان بووە. ئەوان پێانوایە کە دیک چینی و شای عەرەبستانی سعودی سەبارەت بەوەی کە ئایا مانەوەی هێزەکان هاوکاری بە ئاشتی و ئارامی ناوچەکە دەکات یان نا؟! دانوستاندنیان کردووە.

چاودێران پێیانوایە کە دیک چینی وڵاتانی رۆژهەڵات بەوە ئێران دەترسێنێ و هەوڵدەدات پەیوەندیەکانیان ئاڵۆزتر بکات.

جۆرج بووش و کابینەکەی مانەوەی هێزەکانیان بۆ چاوسووردکردنەوە لە وڵاتانی ناحەز بە خۆیان بە گرنگ و پێویست دەزانن، بەڵام دیموکراتیخوازەکان و ژمارەیەکی زۆری ئەمریکەیەکان و سیاسەتمەدارانی ئەورۆپا لەو باوەرەدان کە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق هانی وڵاتانی ناوچەکە دەدات تا هەم خۆیان پڕ چەک بکەن، هەمیش هێزەی زۆر بۆ بەرگری لە خۆیان ئامادە بکەن و بە دوای چەک و تەقەمەنی مۆدێرن بگەڕێن.

ئێستا هەموو نیگاکان لەسەر خودی عێراقیەکان گیرساونەتەوە، ئایا یەک دەنگ و هاوهەڵوێست داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکەن، یان جارێکی دیکەش پەرتەوازەیی و هاوێرکاری خۆیان پێشان دەدەنەوەو لەسەر شەڕو کوشتار بەردەوام دەبن؟!

چاودێران هاوهەنگی نێوان عێراقیەکان بە زەحمەت دەزان، بەڵام داهاتوو وەڵامی ئەو نیگایانە دەداتەوە، جارێ با چاوەڕوان بین .

## تەقینەوەکەی هەولێر ریسوا دەکەین

سەرلەبەیانی، ئەمرۆ، ٩-٥-٢٠٠٧ لە کاتێکدا کە شاری هەولێر لە باوەشی، ئارامی، دا لە ئاسۆی داهاتووی خۆی دەروانی، فەرمانبەران بەرەو فەرمانگەکانیان، فێرخوازان بەرەو باوەشی، فێرگەکان، کرێکاران و کاسبکارانیش بەرە شوێنی، کارەکانیان دەرۆیشتن، تاوانباران دەستی، رەشی، خۆیان بۆ شاری هەولێر درێژ کرد، لەنزیک باڵاخانەی وەزارەتی، ناوەخۆی حکومەتی، هەرێمی، کوردستان دا کامیۆنێکی، بارهەڵگری مینرییێژکراویان تەقاندەوەو شاری هەولێریان خەڵتانی، خوێن کردەوە.

بەگوێرەی سەرچاوە فەرمیەکانی، نەخۆشخانەی فریاکەوتن، بەهۆی ئەو تەقینەوەیە ١٤ کەس شەهیدو زیاتر لە ١٢٠ کەسی، دیکەش بریندار بوونە، زەرەر و زیانی، مادی بە هەردوو باڵەخانەی وەزارەتی، هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ و ئاسایشی، هەولێر و خانووبەرەکانی، دەوروبەر کەوتووە، لەم پێوەندیەدا ئێمە لە "بەرەی گۆران"دا زۆر بە توندی ئەم تاوانەو هاوشێوەکانی، ریسواو مەحکوم دەکەین، نەفرەت لە تیرۆریستان و تیرۆریەروەران دەکەین، هەروەها داخباری خۆمان دەردەبرین و پرسەو سەرەخۆشی، خۆمان لەبنەماڵەی شەهیدەکان دەکەین و هیوای چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین.

بەرەی گۆران هەر جۆرە کردەوەیەکی، کوشتن و رەشەکوژی و تەقینەوەیەک ریسوا دەکات، بەو هۆیەشەوە، بەمەبەستی، رێگرتن لە کارەساتی، خوێناوی بە ئەرکی، لایەنە پەیوەندارەکان دەزانی، کە وربیانە تر رەفتار لەگەڵ رەوشەکەدا بکەن، هۆشیارانەتر پیلان و کردەوەکانی، تیرۆریستان بخەنە ژێرچاوەدێریەوە.

بەرەی گۆران دڵنیایە کە تیرۆریستان چاویان بە ئازادی و رزگاریی، گەلی، کوردستان هەڵنایەت و دەیانەوێ گورزی کاریگەر لە ئامانجەکانمان بدەن، دەیانەوێ ترس و تۆقاندن بۆ شارەکان رەوانە بکەنەوە، بۆیە لە کوردستانیانی، وڵاتیارێز دەخوازین کە لێبراوانەتر لە جاران دژ بە ناحەز و دوژمنانی، گەلەکەمان هەڵوێست بنوێنن، بۆ ناساندن و یوچەڵکردنەوەی پیلانی، داخ لەدڵان هاوکاری لایەنە پەیوەندارەکان بکەن، هەروەها لە حکومەتی، هەرێمیش دەخوازین کە لێکۆڵینەوەیەکی، وردی بابەتیانە لە هۆکاری ئەو تەقینانەوە بکات کە ناوە ناوە لە نێو شارەکانی، کوردستان ئەنجام دەدرێن، زۆر پێویستە کە لێپرسینەوە لەگەڵ کەمتەرخەمان بکرێ و لە پۆستەکانیان دوور بخرێنەوە.

**دەستەی کارگێری**
**بەرەی گۆران**

**٢٠٠٧-٥-٩**

# تۆنی بلێر بەهۆی شەڕی عێراقەوە بەرەو ماڵ رەوانە دەکرێتەوە

ئاکامی شەڕی عێراق سەردەمی تۆنی بلێری سەرۆکوەزیرانی بەریتانیای کۆتایی پێهێنا و بەرەو ماڵەوەی رەوانە کردەوە.

تۆنی بلێر کە هاوپەیمانی سەرسەختی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکابوو، هەرگیز لەو باوەڕە دانەبوو کە بەهۆی ئەو سیاسەتەی رەوانەی ماڵەوە دەکرێتەوە.

ئەو شەڕەی کە گرانیەکەی لەسەر بڕیاری تۆنی بلێر راوەستابوو، لە ئاکامدا پشتی لەزەوی دا، دوای دە ساڵ فەرمانڕەوای بە خەمنگینی کورسی دەستەڵاتی لێسەندەوە.

تۆنی بلێر تا دواین چرکە وەفادار لەگەڵ ئەمریکا مایەوە، لە بڕیاری خۆی پەشیمان نەبۆوەو دانی بە هەڵەکان دانەناو پێداگری لەسەر ئەو راستیانەدا کردەوە کە ئەویان شکست پێهێنابوو.

چاودێرانی سیاسی زۆر جاران رێنوێنێ بلێریان کردبوو،ئامۆژگاری باشیان لەبەردەم دانابوو، بەڵام ئەو سەرسەختانە لەبەرانبەریان راوەستابوو، لاملی لەگەڵدا کردبوون، ئێستاش کە تەنیا ماوەیەکی کورتی لەبەردەم داماوەتەوەو واز لە دەستەڵات دەهێنێ، پێشنیاری بۆ دەکەن تەنیا ئەوەی بۆ ماوەتەوە، ئەوانە بکات کە خۆی پێی راستن، دەنا دەرفەتی دەربازبوونی لەبەردەمدا نەماوەتەوە، دەبێ ٢٧ی مانگی داهاتوو شوێنەکەی بۆ یەکێکی دیکە کە چاودێران پێیانویە گۆردن براون دەبێ، چۆڵ دەکات.

بە گوێرەی راپرسیەکان رێژەی ٥٨% بەریتانیەکان پێیانوایە کە عێراق لە مێژوودا بە گەورەترین هەرەسی تۆ نی بلێر دەمێنێتەوە. دۆمنیک ساندبرۆک کە وانەی مێژوو لە زانکۆ دەڵێتەوە، پێیوایە کە چۆن ریچارد نیکسۆن، سەرکۆماری پێشووتری ئەمریکا لە ئابڕووچوونی واتەرگێت رزگای نەبوو، بەهەمان شێوە تۆنی بلێر بەهۆی سێبەری عێراقەوە دەربازی نابێ.

ڤیکتۆر پۆلمەر تۆماس بەڕێوەبەری پێشووی پەیمانگەی شاتم هاوس بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتژی دەڵێ: " بڕیاری داگیرکردنی عێراق هەڵەیەکی گەورەبوو، تا دەیان ساڵی دیکەش کاریگەری لەسەر دەروونی بەریتانیەکان دەمێنێتەوە.

ساندەر کاتوالا رازگری پەیمانگەی فابیان سۆسایەتی کە سیاسەتمەدارێکی چەپڕۆیە دەڵێ :" وتارە هەرەشە ئامێزەکانی سەبارەت بە شەڕی عێراق بە ئەندازەی بەزینەکەیەتی"

لەلایەکی دیکەوە پۆل ولیامز کە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی پارتی کرێکارانی بەریتانیا لە ماوەی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٥ کتێبێکی نووسیوە دووپات لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لەو ماوەیەدا تۆنی بلێر بۆ نزیک بوونەوە لە هێزێکی گەوەی سەربازی بە راستی ئاواتی خواستووە کە دیموکڕاتی لیبراڵ هەوڵی بۆ دەکات "

پۆل ولیامز لە پێوەندی ناردنی هێزی سەرباز بۆ کۆسۆڤۆ و سیرالیئۆن لە ساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٠، هەروەها بەشداریکردنی فڕۆکەکانی بەریتانیا بۆ لێدانی ئامانجی سەربازی عێراق لە ساڵی ١٩٩٨ زۆر ئەخلاقیانە رەفتاری کردووە، هەوڵی داوە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێ بکات، هەروەها هێرشی یازدەی سێپتێمبەری ٢٠٠١ بۆ سەر ئەمریکا ئەو باوەرەی لای تۆنی بلێر دروست کرد کە دەبێ شەڕی تیرۆر بکرێ و بە هەموو توانایەکەوە بەری پێبگیرێ. ئەو پێیوابوو بۆ داکۆکیکردن لە ئازادی و دیموکراسی دەکرێ لەهەر شوێنێک هێرش بکرێتە سەر تیرۆریستان و ئاشتی بچەسپێ.

ئامادەکردنی: سیروان شوانی

لە هاوینی ٢٠٠٦ دا بلێر ئامادە نەبوو کە داوا لە ئیسرائیل بکات تا هێرشەکانی خۆی بۆسەر لبنان رابگرێ، ئەمەش رووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیاری کردوە، هەندێک لە چاودێران پێیانوایە ئەگەر ئەو مەبەستی پاراستینی گیانی خەڵکی سڤیل بێ، دەبوایە داوای لە ئیسرائیل بکردبایە کە خەڵکی سڤیل و دامەزراوە مەدەنیەکان نەکاتە ئامانجی خۆی، بەڵام بێدەگ بوونی بلێرو پشتیوانی کردنی ئاشکری لە خواستەکانی ئەمریکا پێگەی لەرزۆک کرد، لەبەرچاوی بەریتانیەکاندا ریسوای کرد.

تۆنی بلێر دەزانی کە تارمایی عێراق راوی ناوەو بەرەو ماڵەوەی رەوانە دەکاتەوە، بەڵام لەو باوەرەدا نیە کە لە داهاتووشدا ئەو تارماییە بەدوایەوە دەبێت و نیگەرانی دەکات، بۆیە پشتیوانی لە گۆردن براون دەکات و دەیەوێ متمانە وەربگرێ و شوێنەکەی پڕ بکاتەوە.



بلێر بە هۆی پشتیوانی کردن لە سیاسەتی جۆرج بووش ناچار کرا واز لە دەستەڵات بهێنێ. وازهێنانی بە شکستیخۆی تەواو دەبێ و لەلای زۆربەی جیهانیاەوەن بە ئەرێنی دەنرخێندرێ و بە گەرمیەوە پێشوازی لێدەکرێ.